# بەنرخترین دیاری

**چیرۆکی: محەمەدفەریق حەسەن**

دیمەنێکی گشتیی قەڵا و شەقامە بازنەییەکەی دامێنی.( میرزۆ) لە دوورەوە دەردەکەوێ و بەرە بەرە دێتە پێشێ. گۆچانەکەی بە قۆڵی پەستەکەکەیدا ئاوێزانە. دەست بە پشتوێن و شەرواڵەکەیدا دەهێنێ و دەوەستێ. کیسە توونتەکەی لەسەر دیواری پاڵپشتی قەڵا دادەنێ. پشتوێنەکەی دەبەستێتەوە. خۆی دەتەکێنێ و سەرەوژوور و سەرەوخوار دەست بەگیرفانی کورتەکەکەیدا دێنێ و زەردەخەنەیەک ڕووی دەگەشێنێتەوە. کێسەتوونەکەی ئاوێزانی پشتوێنەکەی دەکاتەوە. بەدەم ڕێوە جامەدانییەکەی دەکاتەوە و جارێکی دی دەیبەستێتەوە. دوو ڕیز وردە گوڵنگەی ڕاست و چەپ بە هەنیەیدا شۆڕدەبنەوە. سرووەی با دەیانهەژێنێ. میرزۆ سەری هەڵیناوە، باڵەخانەیەکی قەڵا سەرنجی ڕاکێشاوە. میرزۆ بۆ خۆی دەدوێ و سیلەی چاویشی لەباڵەخانەکەیە:

((پەککوو. دەبێ ئەم تەلارە بڵندە تەمەنی چەندبێ.. وەک ئێستای هێمنۆکی کوڕم بووم، بابی ڕەحمەتیم لەگەڵ خۆی دەیهێنامە پیرە هەولێر، لەوساوە ئەو باڵەخانەیە وک خۆیەتی. قەت بڵێی کەرپووچێکی لێ بەرنەبۆتەوە.. ئەمیش وەک منارەی چۆڵییە. بە بیرەوەری من هەر دەڵێن ئەمڕۆنا سبەی دەڕووخێ و کەچی تاکو ئێستاش بەپێوە وەستاوە..))

هۆڕنێکی بەرز و ئوتومبیلێکی خاوێن بەتەکیدا ڕەتدەبێ.. میرزۆ ڕادەچڵەکێ و لادەکاتەوە. کیسە توونەکەی لەبەر پشتوێنەکەی دەترازێنێ، لادەداتە کەناری پیادەڕەوەکە و پشت بەقەڵاوە دەدات. میرزۆ سەرنجی ئوتومبیلەکان دەدات و بەدەم پێچانەوەی سیگارەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ: (( وەیهوو وەیهوو. ئەمە ئوتومبیلە و پیکابە قوڕاوییەکەی مەغدیدیش ئوتومبیلە.. ئاسمان و ڕێسمان.. وەی لەبەر ئەو بۆن و بەرامەیەت مرم.. دەک ئاوابی بالیسان بۆ توونتت.. منداڵە شاریی بەتیر و توانجن.. تەشقەڵیەکم پێدەکەن.. ئەوان بابیان قوونک سۆر نەبێ ناکێشن..))

زمان بەسیگارەکەدا دێنێ. بە پەنجەکانی ڕێک و لەباری دەکات و لە زارکی دارجگەرەکەی دەنێ. پەنجەی لەسەر ماشەی چەرخە نەوتییەکەی دادەنێ. گڕێکی نارنجی بڵێسە دەدا.. ڕووی میرزۆ وەختێ مژ لە سیگارەکە دەدا. دووکەڵی سیگارەکە، بڵند و پاشان پەرت دەبێ. دوور دەڕوانێ. چەند جارێک لەپ بە گیرفانی کورتەکەکەیدا دێنێ. لەبەر خۆیەوە دەدوێ:

(( بڕوانە ئەقڵی زولەیخا.. ئەو باوەڕی نەبوو قازانج بکەم. دەنا بزنەکەڕی دوو دینار و بزنەپۆش دیناریک.. تۆبڵێ ئەو دوانەکەی دیش دوو.. بە هەمووی کردی پێنج دینار.. لەیەک جێ پێنج دینار.. پێنج جاران لەخودا بەزیادبێ.. وەی خۆزیا ئێستا زولێ دەیزانی. پەلەت نەبێ پیاو، هەر دەزانێ.. بەڕاست بۆچی نەچمە ئورزدی و دیارییەکی جوانی بۆ نەکڕم.))

خۆی بەکۆگایەکی گەورەدا دەکات. ونبوونی لەسەرخۆی میرزۆ و دەرکەوتنی لەسەرخۆی گوند.. خانوویەکی قوڕ. لۆدەیەک لە پێشێ. لە حەوشەکەیدا سەگ، مەڕ و بزن و مریشک و قەل هەن. ژمارەیەک منداڵ دێن و دەچن و گەمەدەکەن. سێ کوڕیان بەکەلا شووشە خەریکی هەڵماتێنن.

کیژێکی دەستە، منداڵێکی لەباوەش گرتووە. کیژێکی شەش حەوتساڵان، مژووڵی کتێب و دەفتەرە، ئەرکی ماڵەوە جێبەجێ دەکات.. ژووری نیشتەنی دێتە پێشێ.. بۆفێیەکی کۆن. چین لەسەر چین نوێنی لەسەر هەڵچنراوە.. لباد و قاڵی ڕاخراون..چەند بالیفێکی گەورە لەوگۆڕەن.. بە قەد دیوارەکانەوە، حەسیرێک بە وێنەی مزگەوت و منارە و چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیی ڕەش و سپی هەڵواسراون.. لەسەر شانی میرزۆەوە ڕووی زولەیخا دیارە.

ـ زولەیخا: (لەکوێمان بوو پیاوەکە؟ ئاخر منداڵیش خەرجییان دەوێ. پێم ناڵێی ماشەڵڵا ئەم هەموو منداڵەت بۆ چییە؟ خۆ ئەتوو نە عەلیاغای تا بەنیازی خوێندن بیاننێریتە هەولێر و بەغدایە و بیانکەیتە ئەفەندی. نە حاجی قادریشی سەرو پیکابیان لەبۆ بکڕی، هاتوچۆی دەشتی پێبکەن.)

لەسەر شانی زولەیخاوە ڕووی میرزۆ دەبینرێ.

ـ میرزۆ: ( وەیهوو !.. دیسان مەسەلەکەیە زولێ؟.. نازانم بۆ کردووتە بە غایلەی شەوو ڕۆژت ؟ من نانیان لۆ پەیدا دەکەم من! وەک دەڵێن: سەری بێڕزقیش لەژێر خاکدایە!)

لەسەر شانی میرزۆەوە ڕووی زولەیخا.

ـ زولەیخا: ( خراپ ناڵێم میرزۆ. بۆمان ناکرێنە پیاو. بالێرەدا بیوەستێنین. وەختایێ چوویتە شار، لەو حەبەم لۆ بکڕە، کە ناهێڵێ چیدی منداڵمان ببێ.. ئەگەر لەبۆ مردنیان گەورەدەکەی حەوت منداڵ بەسە. ئەگەر بۆ ئەوەشیان گەورە دەکەی ببنە وەزیر هەر حەوت بەسە!)

ـ میرزۆ: ( دەسا بۆ ئەوەیان گەورەدەکەم ببنە پیاو. ئێمەش دەرامەتمان خراپ نییە. بەشی خۆمان هەیە. بابم وەکی تەمەنی درێژی بۆ بەجێهێشتین، تەنیا دوو سەر مەڕی لەڕی لە پاش بەجێما. ئێستا خودا نەیبڕێ ئەمن گەلێک زیاترم هەیە. جۆخینەکەی من گەلێک لەوەی بابم گەورەترە.. منداڵەکانیشمان لە ئێمە باشتر دەژین.. ئەوانەی لە منداڵی زۆر دەترسن با بڕێ زیاتر ڕەنج بدەن و خۆیان ماندوو بکەن.. سەری دونیا بەپووش نەگیراوە زولێ.. بەرچاوت فراوان  بێ زولێ.. منداڵ بەنرخترین دیارییە زولێ.)

بڕین و گەڕانەوە بۆلای میرزۆ. لەسەر شەقامەکەی دامێنی قەڵا.. میرزۆ پیاسەدەکات و لەبەر خۆیەوە دەپەیڤێ: ((ئەدی حەبەکان؟ وەڵڵا ئەگەر بیانکڕم! با ئۆمەتی کورد و موحەممەد هەر زۆربن.. بنۆڕێ؛ زولێم لێبۆتە ژنە ئەفەندی. ئەوانیش منداڵێکیان دەبێ و عەیب نەبێ ئیتر ئم، قەپاتی دەکەن.. بەدیارییەک دەمی چەوردەکەم.. پێموایە ئەگەر بێتو دیارییەکی نایابی بۆ بکڕم ئیدی پرتەو بۆڵەی نامێنێ. حاجی قادر حەزی لەمەڕی دووگ شۆڕە. هەرچی عەلیاغایە کەیفی بە کۆمباین و ترەکتۆر دێ. ئێ منیش حەزم لەوەیە نەوەم زۆربن و بڕایەوە!))

جارێکی دی بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە گوند. لەپێش ماڵیاندا زەماوەندە. ئاپۆرەی گوند لەوێندەرێیە و هەموو خۆیان گۆڕیوە و جلکی نوێیان لەبەرە. دەهۆڵ و زوڕنایە و میرزۆ، زولێ و هەر حەوت منداڵەکەی دەستیان گرتووە. میرزۆ سەرچۆپی کێشە و زولەیخا لەگاوانییەوە دەستی گرتووە. منداڵەکانیش لەنێواندا، ڕەشبەڵەک، زەماوەند دەگێڕن. میرزۆ خەنجەری دەبانی کێشاوە و تیشکی

خۆر لەسەر جەوهەری جەنجەرەکەی دەشکێتەوە. لەوسەریشەوە زولێخا دەسرۆکەیەکی سوور بادەدات. شایی دەمێ بەلای میرزۆ و گاڤێ بەلای زۆلێدا دەگەڕێ. هەموو خەڵکی گوند بۆ ئەم شاییە نۆ کەسییە دەڕوانن و دڵشادن. لەپڕ، لەگەڕی شاییدا منداڵەکان گەورەدەبن. میرزۆ، زولێخا، زوڕناژەن، دەهۆڵکوت و خەڵکی ئاوایی هەر وەک خۆیانن و شاییەکەش هەر دەگەڕێ. وەلێ منداڵەکانی میرزۆ بوونەتە شەنگە کوڕ و شۆخە کیژی باڵابەرز و پۆشتەو پەرداخ و سەرنجی ئەو حەشاماتەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە. ئەم دیمەنە زۆر درێژە ناکێشێ و وردە وردە کاڵدەبێتەوە.

میرزۆ دیسان لەشارە. جارێ ڕێبواری سەر پیادەڕەوەکان و جارێکی دی سەرنشینی ئۆتومبیلە خاوێنەکان سەرنجی ڕادەکێشن. جاری وایش هەیە کۆگاو بازاڕە ڕازاوەکان ناچاری دەکەن سەریان بەلادا لار بکاتەوە و سەرسام بەدیاریانەوە بوەستێ. لەبەرخۆیەوە دەدوێ:

(( جا توخودا ئەوەی بێتە هەولێر و کەبابی وەستا عەبدوڵڵا نەخوات، بەهاتن بۆی حسابە؟.. کوڕە نەوەڵڵا نەهاتنی گەلێ باشترە! هەر بۆنی دووکوڵەکەی تێرت دەکا.! ئەدی سەوزە؟ ئەدی ئەو سماقە سوورەی وەختێ بە پیازەکەوەی دەکات؟.. دەچم دەچم.. بەگۆڕی بابم دەچم .. بەڵام لەکن زولێ و منداڵان نایگێڕمەوە، نەفسیان دەچێتە سەر.. گفتێکە و داومە پارچەیەک بۆ زولێ هەردەکرم.. زولێ زۆر ماندووە. خودا نەیبڕێ ئەرکی حەوت منداڵان گەمە نییە..کوڕە ئەدی ئەرکی خۆم؟ خودا هەڵناگرێ هیندەی سێ منداڵان ئەرکم هەیە. ئەدی تاقەتکردنی ماڵات؟ ناهەقی ناگرم وەختێ دەڵی حەز بێ و بەس بێ.. بەڵام شتەکە بە دەستی خۆم نییە کەیفم لێیە نەوەم زۆر بن.. دەی، پارچەیەکی بۆ دەکڕم کیژانەبێ.. وای، چەندی کەیف پێدێ کاتێ دیاریی بۆ دەکڕم؟!.. هەر بەجارێ خەنی دەبێ!))

ڕوانینەکای میرزۆ دەچنە سەر ئافرەتێکی مۆدە.. ئافرەتەکە بەرەو ڕووی دێ.. ئەم لەجێی خۆی دەوەستێ و سەرنج لە قەد و باڵای ئافرەتەکە دەئاڵێنێ. پێیدا سەردەکەوێ و پێیدا دێتە خوار. هاوکات هۆڕنی ئۆتومبیل و دەنگی دەستفرۆش و سەوزەفرۆش دێ:

(( بڕوانە چۆن خۆی ڕازاندۆتەوە؟.. نەعەبایەک، نەدەسرۆکەیەک!. زەینی خۆتی بدەیە چۆن بسکی لەسەر شان و ملی هەڵخستووە و خۆی ئارایشت داوە؟ بڵێی ئەگەر ماڵمان لەهەولێر بووایە، زولەیخاکەی لەمەڕ منیش وەها خۆی تیفتیفە بدایە؟. جا ئەو حەلە ئەمنیش دەبوومە ئەفەندی!. باوەڕ ناکەم. زولێ چاوی ڕێشکەو پێشکە دەکا.. ناتوانێ لەسەر ئەو پاژنە بەرزانە بڕوات. دەکەوێ و شوێنێکی دەشکێ، ئەرێوەڵڵا. جا ئەوسا ماڵم کاول دەبێ!))

میرزۆ لە کەبابخانەیەک دێتەدەر و بە دەستەسڕەکەی دەست و دەمی دەسڕێ. سەعاتەکەی دەردێنێ.. سەعاتەکەی میرزۆ بەگەورەیی.. دەیخاتەوە کیفەکەی و پاشان بۆ بەرباخەڵی..

((هێشتا لەکوێیەتی دوو سەعاتی تریش مەغدید بەڕێناکەوێ..))

بەدەم وتەکانی ناخییەوە دەڕوات. دەچێتە دووکانی بازرگانێکەوە.. چاودەگێڕێ .. سەیری قوماشی ژنانە دەکات، دەستیان لێدەدات.. دواجار پارچەیەکی ئاڵ هەڵدەبژێرێ.. خاوەن دووکان دەیپێوێ و بۆی دەپێچێتەوە.. پارەکەی دەدات و دووکانەکە جێدێڵێ..

(( دەزانم حەزی لە ڕەنگی کچانەیە.. قابیلێتی، ئێ لۆنابێ بابەکەم لۆنابێ؟!. بە بەرییەوە ماوە و هێشتا جحێڵە!. ئەوجا لۆ جحێڵ نییە؟ ژن هەتا منداڵی بێ و سکوزا بکا مانای وایە جحێڵە.. جا چوونکە بۆخۆی گەنمڕەنگە ئەوا ئەم ڕەنگە ئاڵەی بە جوانی لێدەوەشێتەوە!))

ڕووی لە گەڕەکێکی میللیە. سەدای زەنگی دووچەرخە، دەنگی منداڵی دەستفرۆش.. ڤڕەڤڕی ئۆتومبیلەکان.. سەرنجی منداڵێکی گوڵەبەڕۆژەفرۆش دەدا..

((وەی دەنا ئەو منداڵە ڕێک بە کۆچەری من دەچێ!))

ئافرەتێک منداڵێکی ساوای بە باوشەوەیە، لەبەر دەرگەیەک وەستاوە. سەرنجی ڕادەکێشێ. منداڵەکە بەگەورەیی دێتەپێشەوە.

(( وەیش چەند وردیلە و جوانە! خوا لەداک و بابی خۆی نەسێنێ.. بەداک و باب گەورەبێ.. دەڵێی سێوەلاسوورەیە.. هەر بەکیژە ساواکەی مامۆستا جەمالی کن خۆمان دەچێ، ئەرێوەڵڵا!))

لەپڕ لەهەمان ماڵەوە دە دوانزە منداڵ دەردەپەڕنە کۆڵان. میرزۆ بەسەرسامییەوە، یەکە یەکە چاویان پێدا دەگێڕێ...

دیسان دیمەنەکە کاڵدەبێتەوە و گوندەکە دێتەوە پێش. لە دووررا ڕەشماڵێکی گەورە دیارە. بەکزی دەنگی قورئانی لێوە دێ. خەڵکانێ ڕووێ تێدەکەن و خەڵکانێکیش لێی دەردێن. یانزە کەس بەڕیزو بەشوێن یەکدا، بەرەو ڕەشماڵەکە بەڕێوەن. لە ناوەڕاستیاندا میرزۆ هەیە، بەجلکی نوێوە. ئەوانی دی هەموو کوڕەلاوی پۆشتەو پەرداخن. بەرەو ڕەشماڵەکە دەڕۆن و دەنگی قورئانەکە بەرزتر دێتە گوێ. نزیک ڕەشماڵەکە ئاگر و تاقمی قاوە هەیە. لەژێر ڕەشماڵدا پرسەگێڕ سەرکز دانیشتوون. یانزە پیاوەکە دەگەنە نزیک ڕەشماڵەکە. ئیستێک دەکەن و میرزۆ پێشیان دەکەوێ و کوڕەلاوەکان بەشوێنیدا. پرسەگێڕ لەبەریان هەڵدەسن. هەموو، بەکوڕەکانی خۆیەوە بەپێوە دەوەستن تا میرزۆ دادەنیشێ. کە میرزۆ دانیشت ئەمجا کوڕەکانی دادەنیشن. میرزۆ فاتیحا دەخوێنێ. بێجگە لەخۆی و کوڕەکانی هەرچی لەژێر ڕەشماڵەکەدایە، بۆڕێزی ئەوان بە پێوەن و لێویان دەجووڵێ. زڕەی فنجانی قاوە دێ. دیمەنەکە وردە وردە وندەبێ.

میرزۆ هێشتا هەر لە هەولێرە و دەگاتە سەری کۆڵانێک. لەدووررا ئاپۆرەیەک دیارە. کۆمەڵێک خەڵک وەک دەوری شتێکی نامۆیان دابێ، لەدوورا بەدیار دەکەوێ. میرزۆ بەرە بەرە لە کۆمای خەڵکەکە نزیک دەبێتەوە:(( پێدەچێ پێشهاتێ قەومابێ؟! ئەمە شارە شار، شاریش بەحرە بەحر!. با سەرنجێ بدەم.)) میرزۆ پەرۆشە بزانێ چی ڕوویداوە.. دەچێتە پێشتر.. دڕ بە خەڵکەکە دەدات. منداڵێکی ساوای قوماتکراو لەسەر زەوییەکە دانراوە.. منداڵ دەگری.. ڕووی میرزۆ، سەغڵەتە.

ـ میرزۆ: ( ئەی هاوارم هەی. کوڕە خۆ وەختە سوێی دەبێتەوە! ئەوە دایکەکەی لەکوێیە؟!)

ـ مێردمنداڵێک: ( ئەوە لەبەیانی زووەوە لێرۆکانە فڕێدراوە. بێخاوەنە!)

ـ میرزۆ: ( منداڵ چۆن فڕێدەدرێ کوڕی خۆم؟! چۆن بێخاوەن دەبێ کوڕی خۆم؟ خۆ ناشێ لە درزی دیواران هاتبێتە دەر. هەردەبێ باب و داکی هەبێ!!)

ـ پیاو (1): ( چۆن نییەتی؟ هەیەتی، بەڵام وەک دەبینی فڕێیان داوە. بزانە پێیان بەخێو ناکرێ.. یان باب و دایکەکەی لێک جیابوونەتەوە و کەسیان نایگرنە خۆیان؟ هەردەبێ هۆیەک هەبێ. دەنا کێبێ هێندە لەجەرگی خۆی بێزار بێ، فڕێیداتە ئەو گۆڕەی؟!)

ـ ژن (1): ( لەوانەیە دایکەکەی تێکچووبێ، یان بێوەژن کەوتبێ و نەتوانێ بەخێوی بکات و بۆ چاکەی منداڵەکە پێی بەجەرگی خۆیدا نابێت و ئەم کارەی لێوەشابێتەوە. وتبێتی خێرەومەندێک هەردەبێ هەڵیبگرێتەوە و بیگرێتە خۆی. نابێ؟!)

ـ میرزۆ: (ئەوە منداڵی ساوایە ، منداڵیش دیاریی خودایە. دیاریی خودا چۆن فڕێدەدرێ؟!. ئەی هاوارم هەی!)

ـ ژن (2) (خودا بەگوناهم لەسەر حساب نەکات، کێ دەڵێ بیژی نییە؟!)

ـ پیاو (2) (پێموایە نیشانەی ئاخرزەمانە، تۆبە خودایە!)

ـ پیاو (3) : (دەبوایە خێرەومەندێک هەڵیبگری و بۆ مزگەوتی ببات. لەوێ پیاوچاکێک هەر پەیدا دەبێ بەخێوی بکات! تۆ بڵێی لەم دنیا بەرینەدا پیاوچاکێک پەیدا نەبێ؟)

ـ پیاو (4) : (ئەمە کاری شارەوانییە. ئەو دەبێ چارێکی بۆ بدۆزێتەوە!)

ـ ژن (3) : (ئەو بەستەزمانە برسییەتی بۆیە دەگری. دیارە لە بەیانییەوە مەمکی دایکی نەدیوە!)

ـ پیاو (2) ( پێموایە ئەم جۆرە ڕووداوانە گۆبەندیان بەدواوەیە، بۆیە دەبێ ئەم ساوایە تەسلیم بە پۆلیس بکرێ!)

میرزۆ بەم قسانە سەغڵەتە. جامەدانییەکەی لەسەری دەکاتەوە. کڵاوەکە دەکاتەوە سەر و بۆ منداڵەکە دادێتەوە.

ـ میرزۆ: ( نە بابە نە، پێویست بە پۆلیس ناکات!) میرزۆ منداڵەکە هەڵدەگرێ. لە جامەدانییەکەیەوە دەئاڵێنی، دەیکاتە باوەش و لەگەڵ خۆی دەیبات. منداڵەکە بە باوەشییەوە ژێردەبێتەوە.. هەتا بەتەواوی دوور دەکەوێتەوە سەرنجی خەڵکەکەی بەدواوەیە. میرزۆ بەدەم ڕێوە دەدوێ:

(( مەگری دایکی دایکم.. مەگری باوکی باوکم.. تۆ بەنرخترین دیاریت.. سەری دنیا بەپووش نەگیراوە.. لەوێ هەر شیری مەڕ بخۆرەوە.. لەوێ من باوکتم.. لەوێ هەر بەقسەی خۆش زولەیخاش قایل دەکەم ببێتە دایکت..)) بانگی نیوەڕۆ لە چەند مزگەوتێکەوە بڵند دەبێ. (( درەنگە با پێ هەڵگرین. ئێستا مەغدید ئامادەیە!)) پێهەڵدەگرێ.. لەسیلەی کۆڵانێکەوە ئاوادەبێ..

لە دووررا، ئاوازی حەیرانێک دێتە گوێ و پیکابێکی سەرگیراویش، بە دەشتێکدا داژوێ.. ڕێگەکە وشکەسییە و ئوتومبیلەکە تۆزدەکات. پیکاب دێتە پێش و پێشتر. پڕە لەسەرنشین و کەلوپەل. سەرنشینەکان دێهاتین.. میرزۆ لە بەشێ دواوە دانیشتووە. بەڕووی گەشەوە ساواکەی لە ئامێز گرتووە. دیمەنەکە، وردە وردە دوور دەکەوێتەوە، تا لەچاو وندەبێ.

بەیان، ژمارە (63) حوزەیرانی 1980

پێداچوونەوەی دەق، فێبریوەری 2005

hemefarik@yahoo.dk